# ڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (194) یەکشەممە ٢٠٠٧/9/١٦


## بووش بڕیاری کشانەوەی لەسەرخۆی هێزەکان دەدا

سەرەنجام دوای دەیان پێشنیارو گلەیی و گازاندە **جۆرج بووش** سەرکۆماری ئەمریکا کە کەللەڕەقی لەبەرانبەر بۆچوونەکانی خۆی دەکرد و پێداگری لەسەر زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکرد، ملی بۆ پێشنیاری پاتریۆس داو بڕیاری داوە لە هاوینی داهاتوودا دەست بە کێشانەوەی هێزەکانی لە عێراق بکات. هەرچەندە بووش بڕیاری لەسەر کێشانەوەی زیاتر لە ٢٠ هەزار سەرباز داوە، بەڵام چاودێران پێیانوایە دۆڕان و شکستی ئەمریکا لە عێراق ئاشکرابووە، جۆرج بووش پێداگری لەسەر سەرکەوتنی زۆرەکی دەکات، ئەمەش پێچەوانەی پێشبینی و پێشنیارەکانی دیموکراتیخوازەکان و زۆرینەی چاودێرانی سیاسی جیهانییە، هەربۆیەش ئەمجارەشیان بە توندی ڕەخنەیان لە لێدوانەکانی بووش گرت.

سەرچاوەکان وا ڕادەگەیەنن کە سەرەتا ٢٢٠٠ سەرباز لە پارێزگای ڕومادی دەکشێنەوە.


ل٣ لە پێوەند بە وتارەکەی ٤ی ئەیلول نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی کوردستان

ل٤ کوردێک وەک ژنی شایستەی وڵاتی نۆرویژ هەڵدەبژێردرێ

ل٥ ئایا کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێتەوە؟!

ل٦ مەترسیەکانی شێرپەنجە دوای فڕێدانی سیگاریش هەر دەمێنێ


# سەرکردایەتی کورد دەیەوێ کێشەی کەرکوک لە ڕێگەی UN یەکلایی بکرێتەوە

دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا تا مانگی ئایاری ٢٠٠٨ باس لە جێبەجێکردنی بڕگەی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی ماددەی ١٤٠ نەکرێ، گومان و نیگەرانی سەرتاپای کوردستانیانی گرتەوە، بەتایبەتیش کاتێک لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەوان کێشەیان لەگەڵ دواخستنی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی کەرکوک نیە!! نیگەرانیەکە گەورەتر بۆوە.

لەم پێوەندەدا سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی **ڕۆژی گەلی** ڕاگەیاند وێڕای ئەوەی کە پێشتر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دژی ئەوەبوون کە کێشەی کەرکوک ڕەوانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی جیهانی بکرێ و داوایان دەکرد لەنێوەخۆدا چارەسەر بکرێ و بەو شێوەیەی لەدەستووری هەمیشەیی هاتووە هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێتەوە، بەڵام ئێستا دوای پێداگرتنی ئەمریکا لەسەر دواخستنی ماددەی ١٤٠ و بەڕێوەنەبردنی ریفراندۆم و هەموارکردنی دەستووری عێراق، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بیری لەوە کردۆتەوە کە ڕێگە چارەی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵبژێرێ، هەرچەندە لە پێشەکیدا دەزانێ کە ئەگەر کێشەی کەرکوک ڕەوانەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بکرێ کورد تێیدا زەرەرمەند دەبێ چونکە هەریەکە لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا شێگیرانە کار بۆ ئەوە دەکەن کە ناسنامەی کوردستانیبوون بۆ پارێزگای کەرکوک نەگەڕێتەوە.

سەرچاوەکە پێیوابوو کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا لەبەردەم ڕاگەیاندنەکاندا ڕاشکاوانە ئەو پێشنیارە پەسند دەکات و ڕەزامەندی خۆی پێشان دەدات تا پەروەندی کەرکوک ڕەوانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ، هەروەها دەستووری هەمیشەیی عێراق هەموار دەکرێ، ئەمەش لەبەرژەوەندی عەرەبی سووننەدا دێتەوەو کێشەی کەرکوک فەرامۆش دەکرێ. دوای هەموارکردنیش پێویستی بە دەنگدان دەبێ ئەو کاتە لە ژێر گوشاری ئەمریکادا کورد دەنگ بۆ هەموارکردنەکە دەدات.

هەر لەم پێوەندەدا سەرۆک تاڵەبانی بە ڕۆژنامەی ئەلخەلیجی ئیماراتی گوتووە: بڕگەیەکی ماددەی ١٤٠ی دەستور دەڵێ ئەگەر لایەنەکان ڕێکنەکەوتن، ئەوا مەسەلەکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە یەکلایی دەکرێتەوە و ئێمەش ئەوەمان قبوڵە".

## تەڤکورد لەبەردەم دادگەی تورک دا کوردستانبوونی کەرکوک دەپارێزێ



کاتژمێر ١٠ی ڕۆژی ١٣-٩-٢٠٠٧ لە دادگەی دیاربەکردا لێپرسینەوە لە وتەبێژی گرووپی خەبات (تەڤکورد)، پارێزەر **سەباحەدین کۆرکماز** دەستی پێکرد کە دۆزەکە لە پێوەندی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی کەرکوک دا کرابۆوە.

کۆرکماز سیاسەتی دەوڵەتی تورکیای دەرهەق بە نەتەوەی کورد ڕەخنەکرد و ڕایگەیاند: پەسند ناکرێ دوڵەتی تورکیا سوکایەتی بە نەتەوەی کورد و هەرێمی کوردستان بکات، ئێمە دۆزی کەرکوک بەدڵ و گیان دەپارێزین.

بۆ هاودەنگی لەگەڵ کۆرکماز ژمارەیەکی زۆر لە پارێزەرە ناودارەکان لە دادگە ئامادە ببوون، هەروەها هۆڵی دادگە لە ئەندامانی تەڤکورد پڕ ببوو، هەموویان بەپێوە ڕاوەستابوون، هەموو ئەندامانی گرووپی خەبات (تەڤکورد) بە نووسراو داوایان لە دادگە کرد کە ئەوانیش دادگەیی بکرێن چونکە لەگەڵ کۆرکماز دا هاوڕامانن و ئەندامی یەک گرووپن، بەڵام دادوەر داواکەی ئەوانی وەرنەگرت.

کۆرکماز لە دادگەدا گوتی:

بەبێ چەندو چۆن کەرکوک شارێکی کوردستانییە، هەڵبەت لە کەرکوک دا تورکمان، عەرەب، کلدانی، ئاشوری و کوردی ئێزدیش دەژین، کەرکوک لەژێر دەستەڵاتی هەرێمی کوردستانیش بێ لەلایەن کەمە نەتەوەکانەوە بەڕێوەدەبرێ، لەهەڵبژاردنی گشتی دا بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو کە کەرکوک شارێکی کوردستانیە، ئەگەر ریفراندۆمیش بەڕێوەبچێ سەد لەسەد کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە سەباحەدین کۆرکماز لە بەردەم دادگەی تورک دا زۆر ئازایانە کوردستانبوونی کەرکوکی پاراست، کەچی هەندێ سەرکردەی دیکەی کورد بوێری ئەوەناکەن لە بەردەم ڕاگەیاندنەکانیش دا لە وڵاتەکانی خۆیان دا دان بەو ڕاستیە بنێن .

## سەرکۆماری تورکیا بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەدات

عەبدوڵڵا گوول سەرکۆماری نوێی تورکیا لەیەکەمین سەردانی خۆی دا بۆ شارەکانی باکووری کوردستان دا لە شاری شەڕناخ لەبەردەم شارەوانی ئەو شارەدا گوتی: کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە جەوهەریەکانی تورکیا، حکومەتی نوێ زۆر لێبڕاوانە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەدات.

گوول چاوەڕوانی زۆری لە نوێنەرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP دەکرد کە دەنگی پێبدەن، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی بارەگای DTP کرد، بەڵام پشتیوانیان لێنەکرد.

عەبدوڵڵا گوول لە سەردانەکەیدا بۆ شاری دیاربەکرد زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکرا، هەندێک پێیانوابوو پارتی دادوگەشەپێدان ئەو جەماوەرە زۆرەی کۆکردۆتەوە، هەندێکیش پێیانوابوو چونکە بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی داوە، بۆیە پێشوازی گەرمی لێکراوە.

## جاڕنامەی جیهانی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلانی ناوچەیی پەسند دەکرێ

ئەنجومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان هەفتەی ڕابردوو لە دانیشتنێکی خۆیدا، جاڕنامەیەکی نوێی سەبارەت بە مافی گەلانی خۆجێیی (ناوچەیی)، بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و قەرەبووکردنەوەی دەرپەڕاندنی زۆەملی، پەسند کرد.

لە دانیشتنی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوودا ئەنجومەنی گشتیی نەتەوەیەکگرتوەکان، جاڕنامەی بەڕەواناسینی مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ گەلانی خۆجێیی ( گەلانی خاوەن زێد) بە تێکڕای ١٤٢ دەنگ ئەرێ کرد. لە جاڕنامەکەدا ئەوە دەستنیشانکراوە کە پێویستە خاکی ئەو گەلانە لە ئاست دادۆشین و چەوساندنەوە بپارێزرێ و ئەو گەلانەش کە لە زێدی خۆیان دەرپەڕێراون دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە.

لە تێکڕای ١٥٧ وڵاتی ئەندام ١٤٢ وڵات دەنگی ئەرێیان دا بەڵام ئەمریکا، کانادا، ئوسترالیا و زیلاندی نوێ دەنگی نا یان بە جاڕنامەکە دا و یانزە وڵاتیش دەنگیان نەدا.

مافەکانی پەسەندکراوی ئەو جاڕنامەیە نزیک بە ٣٧٠ ملیۆن کەس لە تەواوی دانیشتوانی جیهان دەگرێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کەئەمە بە سەرکەوتنێکی جیهانی بۆ کێشەی گەلانی داگیرکراو لەقەڵەم دەدرێ، نەتەوەی کورد بە گوێرەی ئەم جاڕنامەیە دەتوانێ داوای قەرەبوو لە وڵاتە داگیرکەرەکان بکات، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە کوردیان لێ دەرکراوە، ئەمە لە بەرژەوەندی کەرکوک دایە.

## ڕۆژەڤ

زۆر جاران باس لە مەرگی کاغەزی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان دەکرێ، تەنانەت پێشبینی ئەوە دەکرێ کە تەنیا ١٥ ساڵی دیکە ڕۆژنامەی کاغەزی ڕەواجیان دەمێنێ، ئیتر لەسەر کاغەز چاپ ناکرێن، تا ئێستاش چەندین ڕۆژنامەی ناوداری جیهانی بارگەو بنەی خۆیان لەسەر کاغەز پێچاوەتەوەو لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دا نیشتەجێ بوونە، ئێمەش لە هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** دا بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ڕێچکەی ئەوان هەڵبگرینەوە، بۆیە داوا لە خەمخۆرانی ڕۆژی گەل دەکەین کە پێشنیاریان چییە ئەگەر لەمەوبەدوا وەکو ئەزموونکاری هەندێ لە ژمارەکانی ڕۆژی گەل تەنیا لەسەر ئینتەرنێت و هەندێکی دیکەش بەکاغەز چاپ و بڵاوبکرێنەوە و لەسەر ئینتەرنێتیش دابنرێن؟!

ڕاستیەکەی دوای پرس و ڕاوێژ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو خوێنەران بەو باوەڕە گەیشتووین کە ڕێژەی ٧٠% خوێنەران لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لاپەڕەکانی **ڕۆژی گەل** دەخوێننەوە، واتە ڕێژی ٧٠% بە کاغەز ڕۆژی گەلیان پێناگات و سوودمەندیش دەبن، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ئەو مزاخت و مەسەرەفەی کە لە بڵاوکردنەوەی دا دەکرێ وامان لێدەکات کە بیر لە مەرگی کاغەزی بکەینەوە.

هەرچەندە ئێمە لە دەستەی نووسەرانی **ڕۆژی گەل** دا ئەو ڕاستیە دەبینین کە هێشتا لەبواری ئینتەرنێت دا کۆمەڵگەی کوردەواری زۆری ماوە تا کێبەرکێ لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بکات، هەروەها کوردستانیانیش وەکو پێویست دەستیان بە تۆڕی ئینتەرنێت ڕاناگات، بەڵام دیسانیشەوە ئەوانەی سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەبەرزبوونەوە دایە، ئەمەش دڵگەرم ترمان دەکات .

دەستەی نووسەرانی ڕۆژی گەل بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم پێشنیارە لێبڕاوانە داوا لە نووسەران، ڕۆشنبیران و خوێنەرانی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان دەکات کە تا ئەو شوێنەی بۆیان دەلوێ ڕاو سەرنجی خۆیان بە ئیمایل یان بە نامە بۆمان ڕەوانە بکەن، چونکە ئامانجی سەرەکی ڕۆژی گەل ڕاژەکردنی زمانی کوردی و ڕەزامەندی کوردستانیانە، هەڵبەت ئێمەش پێوانەی ڕاستین لەسەر ڕاو سەرنجی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست دا دەکەین، ئیدی بەوهۆیەوە چاوەڕوانین و لە سایەی سەرنج و ڕامانەکاندا دەمێنینەوە.

ئەگەر ئێوە بڕیاری لێبدەن ئەوکاتە **ڕۆژی گەل** یەکەمین بڵاوکراوەی کوردی دەبێ کە دەستپێشخەری دەکات و ناوی خۆی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردستانیدا تۆمار دەکات کە بەشێوەی ئاسایی لەسەر ئینتەرنێت دا خۆی بنوێنێ، وێڕای ئەوەی کە ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی دیکەی کوردی هەن بەڵام شێوەی ڕۆژنامەیان وەنەگرتووە تەنیا بابەتی خۆراوجۆر بڵاودەکەنەوە.

## کاندیداکانی ئەمریکا سەبارەت بەهێرش بۆسەر ئێران هۆشداری بە جۆرج بووش دەدەن

**هەواڵەکان**: باراک ئۆباما یەکێک لە کاندیداکانی پارتی دیموکراتیخوازی ئەمریکا بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی جەماوەری شاری کلنتن دا ڕاشکاوانە گوتی: جۆرج بووش و دیک چینی دەبێ دەنگی بەرزی گەلی ئەمریکا و کۆنگرێسیان گوێ لێ ببێ، ئێوە لەلایەن ئێمە پشتیوانیتان لێناکرێ و ڕێگەتان پێنادرێ کە شەڕێکی دیکە هەڵبگیرسێنن.

قسەکانی باراک ئۆباما دوای لێدوانەکانی **ڕایس** هات کە ناوی ئێرانی بە درواسێیەکی شەڕانگێزی عێراق هێنابوو.

باراک ئۆباما لەو کۆبوونەوەیەدا بەڵێنی دا ئەگەر ئەو لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی دا سەربکەوێ، بەر لە کۆتایی ساڵی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکێشێتەوە، هەروەها بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیە مەزهەبیەکان هاوکاری عێراقیەکان دەکات.

